# زنجیرەی چیرۆك و ڕووداوە ڕاستەکان
# باوکی حارث

## ( 2 ) لە ترسی خوا وەسیەتی کرد بیسوتێنن و خۆڵەمێشەکەی بڵاوە پێبکەن خواش لێی خۆش بوو هیچ خێریکیشی نەکردبوو تەنها تەوحید نەبێ!!!

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : كان رجل ممن كان قبلكم لم يعمل خيرا قط إلا التوحيد فلما احتضر قال لأهله : انظروا : إذا أنا مت أن يحرقوه حتى يدعوه حمما ثم اطحنوه ثم اذروه في يوم ريح [ ثم اذروا نصفه في البر ونصفه في البحر فوا الله لئن قدر الله عليه ليعذبنه عذابا لا يعذبه أحدا من العالمين ] فلما مات فعلوا ذلك به [ فأمر الله البر فجمع ما فيه وأمر البحر فجمع ما فيه ] فإذا هو [ قائم ] في قبضة الله فقال الله عز وجل : يا ابن آدم ما حملك على ما فعلت ؟ قال : أي رب من مخافتك ( وفي رواية : من خشيتك وأنت أعلم قال : فغفر له بها ولم يعمل خيرا قط إلا التوحيد ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 3048 واتە : ( پیاوێك هەبوو لەو ئوممەتانەی پێش ئێوە هیچ خێرێکی نەکردبوو قەت تەنها تەوحید نەبێ =شەریکی بۆ خوا بڕیار نەئەداو تەنها خوای بە شایانی پەرستن ئەزانی= جا کە لە سەرەمەرگا بوو بە کەس و کاری خۆی ووت : سەیر کەن : ئەگەر من مردم بمسوتێنن هەتا ئەبم بە خەڵوز پاشان بیکوتن و بیهاڕن لە ڕۆژێکی بای هەبێ پاشان نیوەی خۆڵەمێشەکە بەهەوایا بەن و بڵاوەی پێ بکەن نیوەی لە وشکانیا وە نیوەی تری لە دەریا جا واللە ئەگەر خوا توانای هەبێ لەسەرم =زیندوم بکاتەوە= ئەوە سزایەکم ئەدا سزایەکی وا کەسی سزا نەدابێ بەو شێوە توندە لە جیهانیان ئەوجا کە مرد ئاوهایان لێکرد جا خوا فەرمانی کرد بە وشکانی ئەوەی تیای بوو کۆی کردەوە =لە تۆزی خۆڵەمێشەکە= وە فەرمانی کرد بە دەریا ئەوەی تیای بوو کۆی کردەوە ئەوە بوو ئەو پیاوە وەستاوەو وا لە چنگی خوایە جا خوای عز وجل فەرمووی : ئەی کوڕی ئادەم چی وای لێکردی کەوا لە نەفسی خۆت بکەی ؟ ووتی : ئەی پەروەردگارم لە ترسی تۆ = لە ڕوایەتێکی تر لە ترسی تۆ وە تۆ زاناتری پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : خوا لێی خۆش بوو لە تاوانەکانی بەو ترسەی کە لە خوا هەیبوو وە هیچ خێرێکی نەکردبوو قەت تەنها تەوحید نەبێ=) .

**هەندێ لە سوودەکانی ئەم فەرموودە**

1- خوای گەورە بۆی هەیە لە تاوان خۆش بێ ئەگەر تاوانی گەورەو زۆریش بێ بەو مەرجەی خاوەنەکەی ئەهلی تەوحید بێ هاوبەشی بۆ خوا دانەنابێ وە تەسدیقی ئەوە لەو ئایەتەش هەیە کە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾ النساء 48 وة 116 واتە : ( بە تەئکید خوا لەوە خۆش نابێ هاوبەشی بۆ دابنێن وە لە غەیری تاوانی هاوبەش دانان =تاوانی بچوکتر کە نەگەیشتبێتە هاوبەش دانان= خۆش ئەبێ بۆ هەر کەسێك بیەوێ ) بۆیەشە لە مەنهەج و عەقیدەی ئەهلی سوننەیە کە بڕوایان وایە تاوان بار مادام هاوبەشی بۆ

خوا بڕیار نەدابێ و لە بازنەی ئیسلام بێ ئەوە لە ژێر مەشیئەتی خوایە یان لێی خۆش ئەبێ یان سزای ئەدا و پاشان ئەچێتە بەهەشت والله اعلم .

2– ترسی خوا هۆیەکە بۆ لێخۆش بوونی خوا لە تاوانەکانمان .

3– ئەگەر مرۆڤێك بە نەزانی تاوانێ بکا یان کوفریش بکا ئەوە خوا سزای نادا لە بەر نەزانیەکەی وەك ئەو پیاوە کوفری کرد بەوەی ووتی ئەگەر خوا توانای هەبێ لە سەرم یانی وای زانی بەو شێوە زیندوو نابێتەوە گومانی لە توانای خوا هەبوو ئەوەش کوفرە بەڵام چونکە نەزان بوو خوای بەرز سزای نەدا تەسدیقی وەش لە چەندین ئایەت و فەرموودەی تر هاتووە وەك خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا﴾ الاسراء 15 واتە : ( وە ئێمە سزای هیچ قەوم و هیچ کەسێك نادەین تا نێردراوی بۆ ڕەوانە نەکەین ) یانی سزا پاشی زانینە ئەگەر کەسێك نەیزانیبێ و پێی نەگەیشتبێ ئەم کارە تاوانە لەسەری سزا نادرێ وە با بزانین ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر موسڵمانێ کوفری کرد مەرج نیە کافر بێ تا ئیقامەی حوججەی لەسەر نەکرێ و پێی ڕانەگەیەنرێ بە شێوەیەکی ڕاست ورەوان والله اعلم .

4– توانای خوا بێ سنوورە بە هەر شێوەیەك بمرین لاشەمان هەرچی بەسەر بێ خوای بەرز بە توانایە لەسەر زیندوو کردنەوەمان دەبا وەڵامێکمان هەبێ بۆ ئەو کاتەی زیندوو ئەبینەوە .

5– ڕەحمی خوای بەرز زۆرە بۆ ئەوانەی شەریك بۆ خوا بڕیار نادەن دەبا خۆمان بپارێزین لە هاوبەش دانان بۆ خوا چونکە گەورە ترین ستەمەو خوا لێی خۆش نابێ لە جۆرەکانی هاوبەش دانانیش دوعا کردن لە مردوان و لە پیاو چاکان و پاڕانەوە لێیانە !.

هیوادارم ئەم چیرۆکە سوودو عیبرەتی لێ وەربگرین وهۆیەك بێ بۆ ئەوەی زیاتر لە خوا بترسین و زیندوو بوونەوەمان بیر بخاتەوە .